www.kurdistannet.org
16-2-2006 10:51بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## بۆ زیاتر دەولەمەند کردنی بابەتەکەی بەرێز نەجمەدین عومەر سالح کە لە رۆژنامەی میدیا ژمارە 227 - 2006/2/7 بلاو کراوەتەوە... رزگار کۆچەر

پەیامێك بۆ بەرێز كاك عومەر كلۆل  سكرتێری گشتی (گروپی كەر گەلی كوردستان)

سلاوێكی گرم و گور...
دیارە هەموو ئەو ئازادی و كەیف خۆشیەی كەرە بەرەلا كراوەكانی رێگای مخمور كە كاك نەجمەدین باسی دەكات بەرهەمی ئەو باگراوندە لە مێژینەیە كەجەنابت لە چاوپێكەوتنێكدا لە رۆژنامەی میدیا باست لێوەی كردبوو و كەریشت كردبوە ئەو فاكترە گرینگەی بەردەوام بونی خەبات شاخ و شۆرشی چەكداری و گەیشتن بەراپەرین و یارمەتی جەماوەر لە كۆچە رەوەكە و تا باركردنی بەشە خۆراكی مانگانەی هاولاتیان كە كەر تا ئێستاش لە هەندی شوێنی تازە ئازاد كراو و نەگەراوە بۆ سەر هەرێمی كوردستان رۆلی ئیجابی و باش دەبینێت...
جا بەرێز و گەورەی كەران... پێم وایە جەنابت دەست پێشخەریەكی باشت كرد كاتێك پێش خالە سەید بێخالی و مام نەجاتە كەرو جوعەی كورتان فرۆش و پۆلێك لەو كەسانە كرد كە خۆیان بە ئەندام و دلسۆزی كەران نیشان دەدا و بانگیشەی زەرین وەك نارەزایەك و كەری باش و لە شوینی باش دەكرد..
 دیارە جوتكە هاویشتن و زەراندن و غەزرین و یاخی بون هەندێك لەو سیفەتانەیە كە كەرە بەستەزمانەكانی نیشتمان زۆر جار بەرامبەر بە مرۆڤە زالم و بی بەزەیەكان ئەنجامی دەدەن كە تا ئیستاش هەموو ئەو سیفەتانە بۆتە خالێك كە زۆرجار ناتێگەیشتن دروست دەكات لەنێوان كەرو مرۆڤ... كەرێك ئەگەر تەشبیهبی ئادەمیزادێكی گۆی رایەل وئازار چەشتوو بكەیت دەبینیت هەمان ئادامیزاد كاتێك ئازاد دەبێت و بە ئازادی رادەكات و بە ئازادی بەرامبەر جەوسێنەرەكانی پی دا دەچەقینی هەمان خال لەگەل كەرە بەرەلا كانی رێگای مخمور كۆیان دەكاتەوە ئەویش خالی ئازاد بوونە لە ئازارو پشت بریندار كردن...
بۆیە نامەوێت سەرت بهێشینم چونكە ماوەیەك پَیش ئیستا وەك ئاماژەم پێ كرد خۆت بە دیفاع كەرەی كەرەكانی كوردستان نیشان دا بۆیە وێنە و لێدوانەكەت كەوتە پال وێنەی كەرە پشت برینداراەكانی ناو دۆلابەكەم...
جا پێش ئەوەی داوای ئەندام بوونت لێبكەم دەمەوێت ئەم چەند خالەت بخەمە بەر چاو بەلكو لە رێگای جەنابت چارەسەرێك یان یاداشتێك دە خەیتە پێش نوێنەری ئەنجومەنی كەران تا بە پەلە بنكەیەك لە كوردستان بكاتەوە چونكە وا خەریكە كەرەكانی ولات توشی ئینقیراز دین و رۆژانە زیاتر لە 100 كەربە هۆیە جیا جیا كان لە ناو دەچن جا گەر رێگام پی بدە یت خالەكان دەخەمە روو بەلكو چارەسەریان دەكەیت و دەنگی كەرانیش دەگەێنیە شوێنی مەبەست...
1- نازانم جەنابت جەندە ئاگاداری ئەو دەست درێژیە سێكسیانەی كە رووبەروی كەرە بەرەلاكان دەبێتەوە جا چ ئەو دەست درێژیانەی كە وەك كلتور لە لادی كان ماوەتەوە كاتێك دەلێن ئەوەی كەر نە... ت پیاو نیە تا ئەو دەست درێژیانەی كە لە لایەن ئەو

چەکدارانەوە دەکرێت کە بارەگاکانیان لە شوێنی چۆلە و کەری بەستە زمانیش بە تاکە جارەسەر دادەنین بۆ نەخۆشیە دەرونیەکان!!!!!!...

2- نازانم چەندە ئاگاداری ئەو تەجاوزیە مروریانەی کە لە رێگا گشتی و رێگای نێوان شارەکان دەکرێت کە رۆژانە زیاتر لە 20 تا 30 کەر دەبنە قوربانی و تاوانبارنیش کەس لێیان ناپێجێتەوە؟؟؟؟

3- بۆ پرسیارێك لە برا جوتیارەکان ناکەیت و پێان نالێت بۆ لە زستان کەرەکانتان بەرەلا دەکەن و پشتیان بریندار دەکەن لە هاوینیش حەمبال و کورتان لەپشت؟

4- پێش ئەوەی ئەفلۆوانزای کەر بێتە کوردستان بە پەلە داوا ی لۆریەك کەپسول و دەرزی ی و داو دەرمان بکە چونکە دەنگوباسی ئەوە هەیە حالەتێك لە مۆزەمبیق دۆزرا بێتەوە وە شکی ئەوەی لێدەکرێت نەخۆشەکە یەکێك لەو کەرانە بێت کە لە کوردستان لە ترسی را وە دونان و ئازار دان و بە ئازادی زەرین دا وی لجوئی حەیوانی لەم ولاتە ئەفریقیە کردبێت!!!!!!!!!!

ئیتر بۆ پێشەوە...

rzgar4@yahoo. com ... ئیمزا